## وەزارەتی داد

### بەیانی تایبەت ژمارە (٧) سالی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پیمان دراوە لەماددەی نۆیەم / بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی داد ژمارە (١٣)ی سالی ٢٠٠٧ بریارماندا بە :-

١- گێرانەوەو کردنەوەی ( بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی تەقتەق) و ( بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی رەواندوز) لە بەرێوەبەرایەتی جێبەجێ کردنی هەولێر ،دوای ئەوەی کە بە بەیانی تایبەت (٧)ی ٢٠١٦ هەڵوەشابوونەوە.

٢- ئەم بەیانە لە رۆژی دەرچونیەوە ٢٠١٦/٥/١٥ جێبەجێ دەکرێت.

**سـنـان چلبی**
**وەزیــری داد**

---

## وەزارەتی کار و کاروباری کۆمەلایەتی

### بەیانی ژمارە (٢) سالی ٢٠١٦

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی کە پێمان دراوە لەماددەی حەوتەم / بڕگەی دووەم لە یاسای وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی ژمارە (١٢)ی سالی ٢٠٠٧ بڕیارماندا بە:-

هێنانەکایەی (إستحداث)ی بەشی دەستەبەری کۆمەلایەتی بۆکرێکاران لە بەرێوەبەرایەتی کارو ڕاهێنانی پیشەیی/گەرمیان سەر بە بەرێوەبەرایەتی کارو دەستەبەری کۆمەلایەتی بۆ کرێکاران / سلێمانی دەبێت بە مەبەستی دەستەبەری کردنی کرێکاران .

ئەم بەیانە جێبەجێ دەکرێت لە رۆژی دەرچوونیەوە ١٥ /٢٠١٦/٥.

**محمد قادر محمد**
**وەزیری کارو کاروباری کۆمەلایەتی**

---

## وەزارەتی تەندروستی

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-

### بەیانی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٦

- بڕیارماندا بە کردنەوەی ( هۆبەی بانکی خوێن ) لە نەخۆشخانەی ئافرەتان و لە دایك بوونی فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندابە :-

**بەیانی ژمارە ( ٢ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- بڕیارماندا بە کردنەوەی ( هۆبەی یاسایی ) لە نەخۆشخانەی ڕاپەڕینی فێرکاری سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

**بەیانی ژمارە ( ٣ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- بڕیارماندا بە گۆڕینی ( بنکەی تەندروستی فایەقی حاجی عەلی ) بۆ ( سەنتەری پزیشکی ددانی فایەقی حاجی عەلی ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی سلێمانی .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/١/٥.

**بەیانی ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- گۆڕینی (بەشی بازاری ناوەخۆ ) بۆ (بەشی چاودێری تەندروستی ) کە پێك دێت لەم هۆبانەی خوارەوە ، وە گواستنەوەی بەشی چاودێری تەندروستی لە بەڕێوەبەرایەتی چاودێری خۆراك بۆ بەرێوەبەرایەتی کاروباری پاراستنی تەندروستی سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت .
هۆبەی ١- چاودێری خۆراك ٢- چاودێری شوێنە گشتیەکان ٣- بەروبوومی ئاژەڵی .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٩.

**بەیانی ژمارە ( ٦ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- کردنەوەی (سەنتەری نیگا)ی تایبەت لە شاری هەولێر بەمەرجێك و پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان.
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٢٩.

**بەیانی ژمارە ( ٧ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- کردنەوەی (سەنتەری Renova skin center) بۆ جوانکاری )ی تایبەت لە شاری دهۆك بەمەرجێك و پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان.
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٢٩.

**بەیانی ژمارە ( ٨ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- کردنەوەی ( بەشی کۆگای دەرمان ) لە بەرێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی شارەزوور .
- ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٢٩.

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**

**وەزارەتی تەندروستی**

**بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێماندراوە لە (ماددەی شەشەم / بڕگەی دووەم ) لە یاسای وەزارەتی تەندروستی ژمارە (١٥)ی ساڵی ٢٠٠٧، بڕیارماندایە :-**

**بەیانی ژمارە ( ٩ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی (سەنتەری سلیکۆر بۆ جوانکاری ) ی تایبەت لە شاری هەولێر بەمەرجێك و پابەند بن بە گشت ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی و ژینگەیی وە سەندیکای پزیشکانی کوردستان.**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٢٩.**

**بەیانی ژمارە ( ١٠ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( بەشی ئاوارەکان ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی خۆپاراستن / بەڕێوەبەرایەتی گشتی کاروباری تەندروستی لە دیوانی وەزارەت .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٢/٢٩.**

**بەیانی ژمارە ( ١١ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **بڕیارماندا بە گۆڕینی ( بنکەی تەندرستی شەهید مائمون دەباغ ) بۆ ( سەنتەری شەهید مائمون دەباغ ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/١٦.**

**بەیانی ژمارە ( ١٢ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی کەمپی کەورگۆسك ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٣/٢٩.**

**بەیانی ژمارە ( ١٣ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی زاگرۆس ) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٨.**

**بەیانی ژمارە ( ١٤ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **کردنەوەی ( بنکەی تەندروستی هێژا) سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی تەندروستی هەولێر .**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/١٨.**

**بەیانی ژمارە ( ١٥ )ی ساڵی ٢٠١٦**

- **بڕیارماندا بە گۆڕینی هۆبەکانی بەشی سەرچاوە مرۆییەکان ( کە پێك دێت لەم هۆبانەی خوارەوە ) بۆ ( ١- پەرەپێدانی میلاکی پزیشکی و تەندروستی و کارگێری و هونەری ٢- هۆبەی هەیکەلیە٣- هۆبەی میلاکی قیاسی ) لە بەڕێوەبەرایەتی پلان سەر بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی پلان دانان لە دیوانی وەزارەت ٠**

  **١- هۆبەی میلاکی تەندروستی ٢- هۆبەی میلاکی کارگێری و هونەری ٣- هۆبەی میلاکی پزیشکی.**
- **ئەم بەیانە کاری پێ دەکرێت لە ڕۆژی دەرچوونیەوە لە ڕێکەوتی ٢٠١٦/٤/٢٦.**

**د.ڕێکەوت حمە رشید کریم**
**وەزیری تەندروستی**